# تەلەفۆن!

**هونەر علی**

ماوەی نۆ مانگە لیژنەی (بیکەر- هاملتۆن) سەرقاڵی چاوپێکەوتن و ڕاوەرگرتن و تاوتوێ کردنی دۆخی ترسناکی عیراقە، تا لە ئەنجامی کۆی ئەو پێشنیارو ڕاوەرگرتنانەدا ڕێگە چارەیەك بۆ دەرباز بوون لە باردۆخی نالەباری عیراق دابنێو ئەمەریکا لەم زەلکاوە دەربکات کە تێی کەوتووە. ئەمەریکا جگە لە شکستێکی سیاسی گەورە کە لە عێراق نسیبی بووەو لەئەنجامدا لە هەڵبژاردنی ئەم دواییەدا سەری بۆشو حزبەکەی خوارد، تا ئێستا زیاتر لە 2900 سەربازی کوژراوەو ئەو خەرجییە خەیاڵییەی کە لە عێراقدا کردوویەتی بە سەدان ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت.

کەواتە هەموو تەقەلای ئەم لیژنەیە بۆ ئەوەیە کە تەنها بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا بپارێزێ و سنوورێك بۆ ئەو شکستە گەورەیە دابنێ کە ئەمەریکا تووشی هاتووەو هەیبەت و توانای لەبەردەم پرسیاری گەورەدایە.

هەربۆیە ئەم لیژنەیە بە ووردی باری عیراق و کوردستانیان سەرنج داوەو ڕێك بە پێچەوانەی ئەوانەی کە دەڵێن (نەهاتوونەتە کوردستان و دۆخی کوردستانیان لە بەرچاو نەگرتووەو لێکیان نەداوەتەوە) بگرە فەحسێکی گشتگیرو دەقیقیان کردووە، ووردو درشتی باری کوردستانیان هەڵسەنگاندووە ولە سەربنەمای ئەم هەڵسەنگاندن وتێگەیشتنانە، بەندەکانیان سەبارەت بە کوردستان داڕشتووە.

بە بڕوای من تەنانەت پەرچە کردارەکانی هەردوو حیزبەکەشیان پاش بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکەیان تا ووتوێ کردووەو هەڵسەنگاندووە. هەروە ها باشیش دەزانن چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڕاسپاردەکانی ڕاپۆرتەکەی (بیکەر- هاملتۆن) و ئاشکرا بوونی ناوەرۆکەکەی، سەرکردایەتی هەردووحیزبەکەی کوردستان تووشی شۆك بوون. ئەمەش بە ئاشکرا لەکاردانەوەی (بەیاننامەی سەرۆکایەتی هەرێم) خۆی نواند کەبەڕاشکاوی وبێ پەردە ناوەرۆکی تەقریرەکەی ڕەت کردەوە. دوا بەدوای ئەم هەڵوێستە بەراییە ڕووانیان کە ئەمە بە باری سلبی و دژایەتی کردنی سیاسەتەکانی ئەمەریکا لە ناو زۆربەی جەماوەری خەڵکدا شکایەوە، پێ بە پێی ئەوە و هاوکات خەڵکی کوردستان خۆشیان خەتەری ئەم ڕاپۆرتەیان درك پێ کردو ئەزموونە تاڵەکانیان لەگەڵ ئەمریکا یاد کردەوە. بۆیە خەڵکی کوردستان ناهەقیان نییە ترس و نیگەرانی دایانگرێ.

ناسیونالیزمی کورد نیگەرانی قووڵی خەڵکی بینی، هەر بۆیە زوو بە زوو بایدایەوەو بەخۆیدا چووەوە و دەم ودەست سیاسەتی گۆڕی و بۆ خاو کردنەوەی ناڕەزایی و تووڕەیی خەڵکی بەرامبەر بە ئەمەریکا میدیاکان و سیاسەتمەدارەکانی خۆی بەگەڕخست. سیاسەتێکی نەرمیان گرتە بەر، ترسان نەبادا ئەمەریکا لێیان زیزبێو بەتەواوەتی پشتیان تێ بکات و کۆنتڕۆڵی جەماوەری کوردستانیان پێ نەکرێ وچرای ئومێدیان بە سیاسەتەکانی ئەمەریکا بکوژێتەوە. ئەم تاکتیکەشیان ناو نا (سیاسەتێکی عاقلانە).

هەموو کەف و کوولەکەیان ئەوە بوو نیگەرانیان پیشان دا بەرامبەر بە ڕاپۆرتەکەو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم ڕاپۆرتە چەند ڕێگایەکیان گرتە بەر تا ئاماژەیەك بۆ بۆش بنێرن کە نیگەرانن لەڕاسپاردەکان، بەڵام هاوکات دۆستی ستراتیژیو هەتا سەری ئەمەریکان. چەند ڕۆژێکە دەستیان بە کۆکردنەوەی ئیمزا کردووەو لە چەند دام و دەزگایەکی حکومی مانگرتنیان کردووە، هەروەها هندێك لە ڕیکخراوە جەماوەرییەکانیش نامەی ناڕەزایەتیان دەربڕیووە، ئەمە لە سەر ئاستی کوردستان، لەشاری کەرکوکیش بەحوکمی ئەوەی لە ژێر دەسەلاتیاندا نییە جورئەتی زیاتریان کردووەو ڕێپێوانێکی هێمنانەیان بۆ بەردەم قونصولیەی ئەمەریکا ساز دا.

سەرجەمی ئەو هەڵوێستانە بەدیدی من زۆر لاوازە لە (ئەزعەف ولئیمان) تێپەڕ ناکات و کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر بەپراتیك نەکردنی ئەو بەندانە دانانێ و هیچ گۆڕانکارییەکی بەرچاو دروست ناکات.

ئێستا ئاراستەی سیاسەتی یەکێتی و پارتی سەبارەت بەم ڕاسپاردانە وەکو ئاماژەم پێدا ڕوو لە خاوبوونەوەیە.

ئەم هەڵوێستانە ئەوەندە لاوازن کە ڕەنگە لەناوخۆدا قەتیس بمێنێ ونەگاتە میدیاکانی ئەمەریکا و جیهانو تەنها لەناوخۆ دەنگدانەوەی دەبێت.

هەروەها کۆشیشێکی زۆر بۆ ئەوە ئەکەن کە نیگەرانیو ترسی خەڵك برەوێننەوەو هەڵی مژن، بەوەی کە ئەم راپۆرتە هێشتا راسپاردەیەو رەنگە سەرۆك بۆش پشتی پێنەبەستێو نەیکاتە ستراتیژی تازەی.

هاوکات ئەو پەیوەندیە تەلەفۆنیەی نێوان بۆشو هەریەك لە تاڵەبانیو بارزانی بۆ هێورکردنەوەی سەرکردایەتی هەردوو حیزبو خەڵکی کوردستانە و دەیەوێت لەرێگەی ئەو تەلەفۆنەوە گوایە ئەو پەیامە بدات بۆ دڵنەوایی خەڵکی کوردستان، کە بە بڕوای من هیچ ئیعتیبارێکی نییە چونکە تەنها قسەیەو بەس.

ئەم پەیوەندییە تەلەفۆنیە دەقاودەق وەکو ئەو پەیوەندیەی جیمس بیکەرو بارزانی بوو پێش بڵاوبوونەوەی راسپاردەکان، کە دڵنیای کردبوو وەزعی جیاوازی هەرێم لەبەرچاوگیراوە. کەچی دوای بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکە وادەرنەچوو.

بەڵام راستو دروستی هەڵسەنگاندنی سەرکردایەتی یەکێتیو پارتی کورتماوەیە لەبەرئەوەی بەرلەتەواوبوونی ساڵی 2006 دەبێت بۆش سیاسەتو ستراتیژی تازەی بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە ئاڵۆزەی کە لە عێراق تێیکەوتووە بخاتەڕوو. کە هەموو هێماکان ئەوەدەرئەخەن کە ئەم راسپاردانەی لە راپۆرتەکەدا هاتووە رەنگە بە کەمێ ئارایشتەوە پەسەندبکات.

چیبکەین باشە؟!

دواجار راسپاردەکانی بیکەر هاملتۆن دەبێتە ئەمری واقیعو سیاسەتێکی نوێ لە عێراق دەستپێدەکات. هەربۆیە خەڵکی کوردستان لەبەردەم دوو رێگەچارەدایە. یان ئەوەتا دەبێت کاسی ئەم ژەهرە نۆش بکاتو هەموو ئاسەوارە ترسناکەکانی قبوڵ بکات.

یان دەبێت رێگەی واقیعی هەڵبژێرێت کە ئەویش ریفراندۆمو جیابوونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە.

نەئیمزا کۆکردنەوە، نەمانگرتن، نە خۆپیشاندان (کە ناکرێت) بەدەردی خەڵکی کوردستن ناخواتو دواجار سەرکردایەتی ناسۆنالیزمی کورد بە هەندێ وەعدەو بەڵێن لەجێی خۆیان دادەنێنەوەو رازییان دەکەن. خەڵکی کوردستان نابێت بەشداری ئەم گەمە دۆڕاوە بکات.